# سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق دۆخی وەرزشی وڵات تاوتوێ دەکەن



ئەمڕۆ پێنجشەممە"دادوەری فایق زەیدان" سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و "عەقیل موفتن " سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی نیشتمانی عێراق،باسیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە کاری لیژنەی ئۆڵۆمپی کرد.

لە بەیاننامەیەکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا هاتووە:- ئەمڕۆ دادوەر "فایق زەیدان"سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری،پێشوازی لە"عەقیل موفتن " سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی نیشتمانی عێراق کرد.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:-لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا باسیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە کاری لیژنەی ئۆڵۆمپی کرد بە پێی یاسا بە شێوەیەک کە خزمەت بە پرۆسەی پێشکەوتنی وەرزشی عێراقی بکات.